# سەربەخو بوون     ئەحمەد دەشتی

ئای شـاد دەبـووم  رۆژێ کـەوا
یەك پاچـەیـی کـوردم دەدوا
کوردیش بەیەکدەنگ ویەکرەنگ
سەری دەخست  ئاشـتی وجەنگ
هەسـتی تەسـك و بیری نەزان
دەبـرایەوە لـە کوردسـتان
کوردیش دەجمان بەرەو دونـدان
تیکیان دەشـکاند داو و بەندان
دەچوون بەرەویەکپـارچەبـوون
سەریان دەخست سـەربەخۆبوون
ئالای کـوردم بلـند دەکـرا
چاوی نەیـاریان کویر دەکـرا
دەنگ و دەهـولی خـو کوژی
دەبـرایەوە گشـت خـوین مژی
ئەوەی بـەزور کـرا  بـە برا
لـە کوردسـتان نەفـرین دەکـرا
هەرچی کـوردە بە دل وبە گیـان
گیان بەختە بوون  بوکوردسـتان
وەکوو گەلان کوردیش هـەموو
سـەربە خووو شادان دەبوو
مەرزی سـووری کوردسـتانم

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

دیار دەکرا لە جیهانم
ئالای سورو سپی و سەوزم
دەشەکایەوە لە سەر ئەرزم
تەکنەلۆژیاو بەرەو پیش چوون
دەبووە مایەی سەربەخۆ بوون
ئاوەدانی و شارستانیەت
دەیبراندەوە هەموو مەینەت
بستی لە خاکی رەنگینم
ناما لە چنگ هیچ دوژمنم
دلی کوردستانی شیرین
دەبوو بە پایتەختی زیرین
دەبرانەوە دگیرکەران
لە ناو دەبران گشت نەیاران
کوریستانم رزگار دەکرا
کورد سەربە خۆو خەندان دەکرا
هەرکێ ,کە پەست و خائین بوو
بەرووی رەشی ریسوا دەبوو
سەربەخۆییم دەر دەکەوت
کوردستانم پیش دەکەوت
ئەوساکە ژین شادان دەبووم
نەسەربەخۆو ئازاد دەبووم

بەهاری 2004هەولیر

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET